www.kurdistannet.org
22/06/2002 01:08

# ڕوونکردنەوەیەك لەسەر خەرجی سەفەری کاك شێرزاد حەسەن

مەلا عوبەیدولا – ئینگلیستان

گۆڤاری ڕامان کە لە هەولێر دەردەچێت, گفتووگۆیەکی درێژی لەگەڵ چیرۆك نووس کاك شێرزاد حەسەن بلاوکردەوە لە ژمارەی ٧١ و ٧٢، (١) وە دیارە لە ماڵپەڕەکەی گۆڤاری ڕاماندا بەرچاوم کەووت و خوێندمەوە, لەبەر ئەووەی هەندێك مەسە هەن و بە گرینگیان دەزانم حەزم کرد خوێنەران ونووسەرانی میللەتەکەمان ئاگاداریان بن, گرینگیەکەیان زۆرە چوونکە بەڕاستی هەندێك هەڵوێست وقسەی کاك شێرزادم زۆر پێ سەیربوو, لەکاتێکدا گەلێك جاران ئەم برادەرە ئەواهی ناسرتاوە، کە ڕاستیەکانی میللەت دەردەخات, بەڵام نەمزانی لەتەك ئەم کارەی دا زوڵم دەکات و هەقیقەتەکان دەشێوێنێت.

تێبینیەکانم ئەمانەی خوارەوەن:

- کاك شێرزاد حەسەن, دەڵێ" لەم کاتەدا خەڵکی بە قاچاغ دەگەنە ئەوروپا , من زۆر ئاسان و لەسەر بودجەی - یانەی قەڵەم – هەمووو خەرجی سەفەرەکەم بۆ دابین کرا... " (٢)

بەرأستی بەداخەوە، ئەگەر ڕاستی نووسین ئەرکێکی ڕۆشنفکرۆانمان بێت, بە{استی کاك شێرزاد ناگرێتەوە, ڕاستی ئەوەیە هەروەکوو هەمووو نووسەرانی کوردی هەولێێر نشین ئەزانن, وە بەتایبەتی مامۆستا عەبدولا سەراج کە کاتی خۆی لەگەڵ کاك شێرزاد سەفەری دەرەوەیان کرد, هەقیقەت ئەوەیە کە یەکەمین حکومەتی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرێز کاك فەلەکەدین کاکایی خەرجی تەوای سەفەرەکەیان و هەتا پارەی پەساپۆرتێکی نوێیان پێبەخشیبوو (٣) ، وە هەمووو جۆرە هاوکاریەکیان بۆ دابینکراوە لە کوردستانەوە هەتا ئەو شوێنەی کە هەردووکیان، کاك شێرزادو کاك عەبدولا سەراج داواوای مافی پەنابەریان کرد, وە ئەمەش هەرچەندە مەسەلەیەکی باش بوو کە نووسەرانمان بەشداری کۆنفرانسەکانی ئەوروپا دەکەن, بەلأم پاش ئەوەی کۆنفرانس تەواو بوو بوون بە پەنابەر !! وە ئەمەش وای کرد ئیتر هیچ وڵاتێکی ئەورووپی ڤیزا و پێشاوازی نەبەخشنتە کوردەکان، هەتا ئەوگەر نووسەریش بن. !!!

ئینجا نازانم کاك شێرزاد حەسەن باسی چ کاریگەری باشی ئەو مانەوەیە دەکات کە وەکوو پەنابەر لە وڵاتی فینللەند دەکات؟؟ مەسەلەیەکی تر, ئەو ئەزموونەیەکە کە کاك شێرزاد حەسەن باسی دەکات و وەکوو ئەزموونێکی دەوڵەمەندی خۆی، خەڵکانك هەن بوچ چەندین ساڵ لە وڵاتێکی ئەوروپا ئەژین بەلأم ناتوانن بڵێن ئەزموونێکی باشیا هەیەو بەم شێوەیەی کاك شێرزاد حەسەن باس لەو ٦ مانگەی کە لە کەمپی پەنابەران ماوەتە, نەوەکوو دە مانگ هەروەکوو کاك شێرزاد حەسەن باسی دەکات, من ئەمە بە زێدەڕۆی ئەزانم، ڕاست نیە، کاك شێرزاد حەسەن هیچ زانیارەکی لەسەر زمان و ئەدەبی ئەم وڵاتەوە نیە کە تیایدا وەکوو پەناهەندەیەك گیرسایەوە، پاشان نەیتوانی بگیرسێتەوە، داوای کرد پارتی یارمەتی بدات و بیگەڕێینەوە بۆ کوردستان.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم من بۆچی ئەم ڕونکردنەوەم نووسیوە ؟ من لە بەرئەوەم نووسیوە, کە نووسەرانمان هەندێکیان ڕاستی نانوسن, بێمنەتانە هەڵسوکەت ئەکەن, هەقیقەتی ئەم سەفەرەی کاك شێرزاد حەسەن ئەوەبوو کە لە کوردستانەوە هەوڵی داوەتکردنەکەی بۆدرا , وە بە پەلی حکومەتی کوردی سەفەری کردووە, گەڕاوەتەوە, وە مەسەلەیەکی تریش ئەوەیە, کە کاك شێرزاد حەسەن ناتوانێت باسی ئەدەب و زمانی وڵاتێك بکات کە تەنها ٦ مانگ وەکووپەنابەر تێیدا ژیاوە, هەتا یەك کتێبیشی نەخوێندۆتەوە بەو زمانەی کە خۆی تێدا کردۆتە مامۆستا.

ئاماژەکان:

١- گۆڤاری ڕامان ژمارە ٧١-٧٢ کوردستان، وە لە ئەنتەرنێتش هەن

٢- ژمارە ٧٢ ڕامان

٣- لەسەر زمانی نووسەر عەبدولا سەراج لە هەولێرو لە چایەخانەی مەچکۆ ساڵی ١٩٩٩ بۆی باسکردم